www.kurdistannet.org
30-10-2006 6:43بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## کورتە چیرۆک

## نەنە ئامە .. !... م. حەمید عەزیز

نەنە ئامە ژنێکی بەتەمەنی ناوچەی گەرمیان بوو تەمەنی دەوروبەری حەفتاو پێنج ساڵێک دەبوو نەنە ئامە پاشماوەی ئەنفال بوو ژیانێکی زۆر ناخۆش و نارەحەتی هەبوو لە گەڕەکێکی هەژارنشینی چەمچەماڵ دەژیا، ژیانێک سەرتاپا کولەمەرگی، کەسیشی نەمابوو دوو کوڕو کچێکی بە ماڵ و منداڵیانەوە ئەنفال کرابوون و مێردەکەشی چەند ساڵێک لەمەوبەر مردبوو. نەنە ئامە کە دەتبینی کافرو موسوڵمان بەزەیی پیا ئەهاتەوە، بەتەنیا لە کەلاوەیەکدا ئەژیا کە گەنجی ئەو گەڕەکە بەکۆمەڵ یارمەتیان دابوو ژورێکیان بەتەنەکە و پەرژینێکیشیان بە گوێنی بۆ دروست کردبوو بەڵام نە دڵۆپەی زستان و نە ڕەشەبای هاوین نەیدەهێشت پشوو بدات و بخەوێ تەنها یەک دەست کەل و پەلی کۆنی تەنکی هەبوو بەزستان و بەهاوین هەر ئەو جلەی لەبەردا بوو. ڕۆژێکیان لە مانگی دەی 10/2006 کە گەرمەی هەڵبژاردنی کوتلەو کوتلەبازی یەکەی یەکێتی دەبێت و چەند کەسێکیش بریندارو چەند کەسێکیش لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان دەکوژرێ و هەر لەسەر حسابی ئەم هەڵبژاردنە ماڵی قایمقام بەر دەسرێژی گوولە دەکەوێ و لەدەربەندیخانیش خەڵکی سوێند ئەدرێ کە دەنگ بدات و سوێنی شەرەف و تەلاق و کەئەمە بەڕاستی جێ ی نارەحەتی خەڵک بوو چونکە بەکامێرای مۆبایلیش کەسەکەو ووتەکانیش تۆمار کرابوون وەک و بەڵگە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان نەدەکرد. بەڕاستی هەڵبژاردنێکی سەیروسەمەرە بوو، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا سەدامی خوێن ڕێژی لێ دەرکەی، هەڵبژاردنی لەو شێوەیە ڕووی نەداوە. وەک و خەڵکی ناوچەکە دەیگێڕنەوە بەڕاستی تەنها هەڵبژاردن نەبووە ئیدی هەموو شتێک بووە. ڕۆژێکیان چەند ڕۆژنامەنوسێک و کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی لەسلێمانی یەوە دەڕۆن بۆ لای نەنە ئامە بۆ چەمچەماڵ بەمەبەستی سازکردنی ڕیپۆرتاژێک لەگەڵیداو مسۆگەرکردنی بابەتێکی تێرو تەسەل و ئامادەکردنی بۆ هەڵگرتنی لەئەرشیفدا بۆ یادی ئەنفال. ڕۆژنامەنوسێکی گەنج کەناوی هاوین دەبێ ئەچێتە پێشەوەو پێش ئەوەی پرسیار لە نەنە ئامە بکات خۆی پێ ئەناسێنێ و ئەڵێ:

- من ڕۆژنامەنوسم لە سلێمانی یەوە هاتووم ناوم هاوینە. بەپەلە نەنە ئامە قسەکەی لەدەم وەردەگرێ و ئەڵێ:

- بەم گەرمایە. ؟

- چی بەم گەرمایە. ؟

- بەم گەرمایە ناوت هاوینە؟

- چی یە پورێ ئەڵێی ڕائەبوێری.. !

- نەوەڵڵا کوڕی خۆم ڕابواردن نازانم بەڵام وەڕس بووم لێتان.. ! هەر ڕۆژەی یەکێک دێت و قسەم لەگەڵ دەکات، هەر ڕۆژەی یەکێک وێنەی ژورە تەنەکەکەم دەگرێ. ئەڵێن بەرگی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەمووی وێنەی من و ژورە تەنەکەکەمە بەڵام سودی چی یە من بەهاوین ناتوانم لەبەر گەرما بخەوم و بەزستانیش لەبەر سەرماو ڕەشەبا هەڵەکروزێم. خۆ من ئەزانم لەبەر بەرژەوەندی خۆتان و حیزبەکانتان هاتوون بۆلام.. بەڵام فەرموو کوڕی خۆم دڵت ناشکێنم ئەڵێی چی. ؟ هاوینی ڕۆژنامەنوس گوڕی دایە خۆی و پرسی:

- پورێ گیان هەستت چی یە تۆ لەو کارەساتە گەورەیە کە ئەنفالە ڕزگارت بووە. ؟

- کوڕی خۆم هەستی چی. ؟ خۆزگە ئەنفال بکرامایە و بیانکوشتمایەو لەگەڵ ئەواندا بڕۆشتمایەو قەد ئەم ڕۆژەم نەدیایە بەچاو چونکە ئێستا ڕۆژی سەد جار ئەنفال و مردن بەچاوی خۆم دەبینم. کەسێک لەناو ئەو هەموو کۆشکە بەرزو زەوی و زارەی خوداوەندا لەناو ئەو هەموو ئۆتۆمبیلە جوان و نوێیانەدا،

لەناو ئەو هەموو بیرە نەوتانەداو ئەو هەموو پارەیەی کەبەناوی ئێمەی ئەنفالکراوەوە وەرگیراوە، لەناو ئەو هەموو کارگەی ئاردە (مەعمەلی ئارد) دەدا بژی لەتێ نانی پێ ڕەوا نەبینرێ و ژورێک نەبێ تێیدا بحەسێتەوە.. ! ئەبێ هەستم چی بێ کوڕی خۆم خۆزگە بمردمایەو ئەم ڕۆژەم نەدیایە بەچاو. توخوا ئەمە ناو ئەنێی ژیان. ؟ نەنە ئامە دڵی پڕ بوو بەزەیی بەخۆیدا هاتەوەو دەستی کرد بەگریان. دووای تۆزێ ڕۆژنامەنووسێکی تر پرسیاری لێکردوو ووتی:

- باشە پورێ گیان کەسێک لایەنێک حیزبێک لایان لێ نەکردوویتەوە. ؟

- وەڵڵا کوڕی خۆم حیزب لەبەر خۆیان و دەوروپشتیان ئاگایان لەکەس نی یە کەس لای لێ نەکردومەتەوە تەنها خەڵکی ئەم گەڕەکە نەبێ یارمەتییان داوم یاخواماڵیان ئاوابێت. نەنە ئامە دەستەکانی بەرزکردەوەو سەیری ئاسمانی کردو بەردەوام بوو لەقسەکانی و ئەیووت:

- خودایە لەجەنگەڵستانیش بامایە گیایەک دەبوو بیخۆم و ڕوحمی تۆ ئەیهێشتمەوە، بەڵام سەد شوکوریش بەبەشی تۆ خوایە گیان ناشوکوری ناکەم. خۆ لەشارو مەدەنی یەتدام کەچی دوکەڵی چرای دنیام کردە سی یە لاوازەکانمەوە هەموو شەوێ چاوم هەڵەگلۆفم و خەوم ئەزرێ چونکە هێندە موسوڵمانین نەوتەکەش فێڵی تیادەکەین ئاوو شتی تری تێ دەکەین لەپێناوی دەوڵەمەند بووندا، بەخوا هەمووماں مردنمان بیرچۆتەوە کوڕی خۆم.. ! بۆیە چراکە غاز دەکات و چاوی منیش تەحەمولی ناکات. دووای وەڵام دانەوەی پرسیارێکی زۆرو وێنە گرتنێکی زۆر ڕۆژنامەنوسەکان و کەناڵی تەلەفزیۆنییەکان ماڵ ئاوایی لە نەنە ئامە دەکەن و دەڕۆن. نەنە ئامە دووای ڕۆیشتنی میوانەکانی دەڕوات بۆ نانەواخانەی گەڕەکەکەیان کە کوڕێکی گەنج ناوی حەمە دەبێ لەوێ کاردەکات و هەموو ڕۆژێ بەبێ پارە دووسێ نان دەدات بە نەنە ئامە ئەویش ئەو نانە بەئاوەوە یان بەتەماتەیەکەوە ڕۆژی پێ ئەباتە سەر. لەو کاتەی بەڕێگاوە کە نەنە ئامە بەرەو نانەواخانەکە ئەڕوات لە ڕێگا چاوی ئەکەوێ بە قالە کە کابرایەکی ماستاوچی یە و پێشمەرگەیە لە مەقەڕەکەی لای ماڵیان کە کاتی خۆی کۆنە (.. ) ە دووای چاک و چۆنی نەنە زۆر ڕێزی لێ ناگرێ و لەڕاستیشدا حەزی پێ ناکات چونکە ئەم پیاوە کاتی خۆی پیاوی ڕژێم بووەو بەڵام ئەمڕۆ جێی خۆی کردۆتەوە لەو مەقەڕە و بەسەرو باڵایاندا هەڵدەدات و پارەیەکی مانگانەی چاک وەردەگرێ و ژیانی باشەو ئیشی ئەڕوات. کابرای ماستاوچی کەئەبینێ نەنە ئامە ساردو سڕە لەگەڵی و ڕێزی لێ ناگرێ سەیرێکی نەنە ئامە ئەکات و بەتەوسێکەوە ئەڵێ:

- شوکور ماوی ڕزگارت بوو لەئەنفالەکەو نەمردی، کەسیشت نەماوە ببن بەئەرک بەسەرتەوە.. ! چیت ئەوێ ئیتر پاشای ماڵی خۆتی لەتێ نان بەشی ڕۆژێکت دەکات هەرگیز توشی زەخت و شەکرەش نابیت، دووریت لە چەوری و سوێری و شیرینی یەوە، لەژورێکی تەنەکەشدای کرێ خانوو پارەی ئاوو کارەباش نادەی، ئەمە بۆ کەم کەس ڕێک دەکەوێ دە شوکری خوا بکە بۆ هەمیشە ئەبۆڵێنی. ؟. نەنە ئامە لەم جۆرە ناپیاوو بێ ویژدانانەی زۆر دیووە بۆیە بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ:

- وەڵا ڕاست دەکەی براکەی باوکم ئەوە نی یە لەشارو شارستانیدا دەژیم و ماڵ بە ماڵ ناگەڕێم بەدووای دەبەیەک ئاوی خواردنەوە، ئەوە نی یە لەناو ئەو هەموو کارگەی ئاردەدا لەتێرییا خەریکە بتەقم، کورە ئەوە نی یە لەسایەی سەری ئێوەوە ماڵەکانمان بەهاوین فێنکەو بەزستانیش گەرم، خۆ من لەکۆشکدا دەژیم ئەوە لەبەرچاوی ئێوە یەک ژووری تەنەکەیە و لەڕولاوازو زەعیفم.. بەسەری تۆ کە تۆ ئێستاش هەر بەو بایە ئەژیت کەلە بەغداوە دێت، بەیانیان وەک ژنە ئەوروپایی یەکان وەرزش ئەکەم بۆیە وا ڕەشیقم ڕۆحی ڕەوانم.. ! ئاگات لەم هەموو برنج و ڕۆنە یە خۆی ئەکا بەماڵمانا، پیاو نازانێ چی لێ بکات هەمووی لەسایەی سەری تۆوەیە شوکور غیرەت ئەبارێ ئەمڕۆ. ؟ کورە ئێمە تێرین کوڕی باوکم ببەن بۆ قایمقام و مەنسولەکان هەژارو بەسەزمانن ڕاخەریان نی یە فەقیرانە. ئێوە تێکۆشەرن و خەباتگێڕن بۆیە حاڵی میللەتتان ئاوا چاکە! هەموو شوکور باشین لەسایەی سەری ئێوەوە.

! کاتی خۆیشی هەر پێشمەرگەی کۆن بوویت وانی یە!؟ هەمووی پێشمەرگەی کۆنە خۆ کەس پێشمەرگەی نوێ نی یە.. ! ئەوە نی یە هەژارن و بەپاس هاتوچۆ ئەکەن کورە وەڵڵا ئەمە عەدالەت نی یە بەخوا.. ئێوە هەمووتان کرێچی و بێ ئۆتۆمبیلن و ئێمەی میللەتیش هەردەم ماڵەکانمان چراخان بێت، کورە براگیان ئاوی بەلوعەمان بۆچی یە بەخوا باوکم هەمووی ئاوی بانی خێڵان دەخواتەوە ئاوی پاقژکراوی شوشە و پلاستیک دەخۆینەوە، لەسایەی سەری ئێوەوە ئەمەنە خۆش حاڵین خەریکە ئەتەقین.. ! بەڵام قایمقام و پارێزگار گورچیلەیان تەواو نی یە فەقیرانە ئەوەندەی ئاوی لیخنی بیرو کارێزو باراناو دەخۆنەوە تەندروستیشیان تێکچووە، وەڵا فەقیرانە بە ئاوی باراناو جل و بەرگ و قاپ و حاجەت دەشۆن. ! کورە بەقورئان وانابێ خەجاڵەتیان کردووین ئەمانە خۆیان بەسەزمانانە لەخێمەیا دەژین و دلۆپە نایەلێ منداڵە ناسکۆڵەکانیان بخەوێ. ! ئێمەش کۆشکەکانمان بەرەو ئاسمان سێ قات و چوار قات بەرز کردۆتەوە.. ! منداڵی ئەوان لەبێ قوتابخانەیی پاشەڕۆژیان هەمووی فەوتا، باوکم وەرە سەیری منداڵی کرێکار و حەماڵ و عەلاگە فرۆش بکە هەموویان لەمەکتەبی ئەمریکی و مامۆستای تایبەتیان بۆ گیراوە باوکم بەقورئان خوا قبوڵی ناکات ئەو هەموو غەدرە لەم مەسئولانە ئەکەن. تۆش ئەزانی ئەمانە غەدریان لێکراوە بۆیە هەر خەریکی خزمەت و ماستاوکردنی بۆیان.. !، تۆ سەیری ئەم میللەتە دزو جەردەیە چۆن هەقی ئەم مەسئولانەیان خواردووە بەناهەق، تۆسەیری ئەم عەدالەتە خەڵکی هەمووی ئۆتۆمۆبیلی ئاخر مۆدێل و جوانی پێ یە کەچی ئەم مەسئولە قوڕبەسەرانە بەهەزار شەونخونی و دەردی سەری تا لادایەک ئەکڕن گیانیان دەرەچێ کەچی بەغیلیشیان پێ ئەبەن و بوختانی فایل و جاسوسیشیان بۆ ئەکەن، فایل.. !! وەڵا ئاگاین لەهیچ نی یە فەقیرانە. تۆ سەیری ئەو هەڵبژاردنە جوانە چەند لەخزمەتی خەڵکی کوردا بوو بەخوا مەگەر هەر لە وڵاتی سویدا هەڵبژاردنی وا پێشکەوتوو ڕوویدابێ و بووبێ، نەبەخوا کەس تەقە لەکەس ناکات و کەسیش نەکوژراوەو تەقەش لەماڵی قایمقام نەکراوە و کەسیش بریندار نەبووە، شوکور ئاوەدانی یە ئەوەنی یە گورگ و مەڕ بەیەکەوە دۆمینە ئەکەن.. ! ئەوەنی یە مەنسولەکان چەند خەمی ئێمەیانە، بەخوا باوەڕ ناکەم شەوان بخەون نەک لەبەر فەشەل و دۆڕاندنی هەڵبژاردنەکە نەبابە حەیفت نەکرد، لەبەر ئێمەی تێروتەسەل کە نەوەکو لەخۆشیاندا بتەقین.. ! چونکە ئەم هەڵبژاردنە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەهەژارانەوە هەبوو ئینجا پەیوەندی بە ئاوو کارەباو بێ کاری یەوە هەبوو.. ! ئەم نیشتمانە خەڵکی وەک و ئێوەی تێدا بێت کە خۆشتان کاندید کردووە بۆ خزمەتی ئەم میللەتە ئیدی چۆن لەخۆشی ئێوە ئەنفال و ئازیزانمان بیر ناچێتەوە کە بەناهەق کوژراون و خراونەتە گۆڕە بەکۆمەڵکانەوە.. ! خەجاڵەتتان کردووین بەم ئیشە جوانانە، بەخوا من بزانم ئێوە ئاوا دانانیشن.. بەتەمان سێ بەشەکەی تریش ڕزگار بکەن.. !!!. جا بۆ نە پیاوی ئازا هەموو شتێکی لەدەست دێ.. ! کابرای ماستاوچی و کۆنە (.. ) بەسەرسوڕمانێکەوە سەیری نەنە ئامەی کردوو سەرێکی باداو ووتی:

- بەخوا باوکم ئەمیش تێک چوو.

م. حەمید عەزیز
Hamid773@hotmail. com